
# کۆدامین، ژیاننامەیەک بە تامی کۆدەکان*

کاوە کەریمی



مرۆڤ کەی بەو ئاکامە دەگات ژیاننامە بنووسێت؟ چی وا دەکات قسەکردن لەسەر ژیانی تاکەکەسی لە چوارچێوەی باسێکی هاوڕێیانە تێپەڕێت و ببێتە دەقێکی درێژ و بڵاوکراوە؟ ئایا «لە کوێوە بۆ کوێ»ی مامۆستا هێمن و «کوردبوون»ی کاپتن حەمەدی مەولوودی، تاقانەی ئەدەبیاتی کوردین و بەدەرن لەو ڕێسا نەنووسراوەی دەڵێت نووسەر لە دەقە کۆمەڵایەتییەکەیشیدا بەسەرهاتی خۆی لە چەقی نووسینەکەیدایە، بۆیە بۆ تێگەیشتنی باشتر لەو نووسراوەیە، قۆناغی ئەوکاتی ژیانی بناسە؟ یان ئەوەتا ژیانی مامۆستا هێمن و کاپتن حەمەد دوای سەقامگیریشیان پڕاوپڕ بووە لە دڵەڕاوکێ و خەم؟ یان نا، ئێمەی خوێنەری کورد بەهۆی بێدەوڵەتی و ئاوارەییمانەوە تا ئێستا دەتوانین زۆر خێرا خۆمان بخەینە جێی مامۆستا هێمن و کاپتن حەمەد؟ یان هەدووکیان؟!

هۆکاری ئاماژەم بەو دوو شاکارەی ئەدەبی مۆدێرنی کوردی، هەم کاریگەرییانە لە سەرم دوای خوێندنەوەیان و هەمیش هاوخەمییەک کە تێمی سەرەکیی ژیاننامەکەمە و لەو دوو کتێبەوە سەرچاوە دەگرێت. کۆدامین بەم دواییانە و لە لایەن بڵاوکراوەی «یونایتد پی سی» لە وڵاتی ئوتریش بڵاو کراوەتەوە. ژیاننامەکە لە ڕۆژانی قاچاخبوونم لە ڕۆژهەڵاتەوە دەست پێ دەکات. لە ساڵی ٢٠١٠، ئەوکاتەی دوای زنجیرەیەک خۆپیشاندان لە زانکۆکانی کوردستان دژ بە لەسێدارەدانی مامۆستا فەرزاد کەمانگەر و هاوڕێیانی خۆم لە ماڵێکدا حەشار دابوو، تاکە دیمەنی گیانداری بەرچاوم لە ژوورێکدا شارەمێروولەیەک بوو. شارەمێروولەیەک کە یەکەیەکە زەردەواڵە و مێشی مردارەوەبوویان پەلکێشی کونەکەیان لە سووچی تاقی پەنجەرەکەدا دەکرد و بووە دوا دیمەنی کۆمەڵایەتیی من لە ڕۆژهەڵات! لەوانەیە هۆکاری ئەو وردبوونەوەیەم لە شارەمێروولەی سووچی تاقەکە حەزێک بووبێت بۆ هاوپشتیی و یەکێتییان کە لەنێو کورددا بە دەگمەن ڕوودەدات! لەوانەشە تەنیا بێتاقەتیم بووبێت لەو ژوورەی چەند ڕۆژ دەبوو خۆمی تێدا حەشار بدەم و لە چاوەڕوانیی دەرەتانێکدا پەنا ببەمەبەوە بەر ماڵێکی تر، ژوورێکی تر و دیمەنێکی تر. هەرچی بوو بەهۆی ئاگاداربوونم لە دەنگی حەوشە و دەرەوەی ماڵەکە، نەدەبوو گوێ بۆ ڕادیۆ و تەلەفزیۆن ڕابگرم؛ هەرچیش هەیە بە هەموو ئەو ئازار و هەڵبەزودابەزانەی لە زیاتر لە دە ساڵی دواییدا بە سەرمدا هاتن، ئەو دیمەنە لە مێشکمدا مایەوە.

کۆدامین وشەیەکی تێهەڵکێشە لە دوو وشەی کۆد و دۆپامین. دۆپامین یەکێکە لە گرنگترین هۆرمۆنەکانی مێشکی مرۆڤ کە هەم پەیوەندیی نێوان نۆرۆنەکان (خانەی عەسەبەکان) ڕێک دەخات و هەمیش هۆرمۆنی شادییە. هۆکاری تێکهەڵکێشکردنی دۆپامین لەگەڵ وشەی کۆد بۆ سیستەم و پلانێک دەگەڕێتەوە کە من لە دوای گەیشتنم بە ئورووپا هەستم پێ کرد. لە ڕاستیدا لە دنیای ئەمڕۆدا، مرۆڤ بەدەر لەوەی پەنابەر بێت یان خەڵکی خۆجێیی، ژن یا پیاو یان ڕەگەزی تر، هەژار یا دەوڵەمەند، لە کۆتاییدا لە ژێر کاریگەریی ئەو سیستەمە ئابوورییەدایە کە بە کۆد و ڕێککەوتنی بازاڕ نرخی بۆ دادەنێن! ئەمە هەواڵێکی خەمناکە کە تۆ وەک تاکەکەس کەمترین ڕۆڵت هەیە لەسەر ئەو نرخەی هەتە! خەمناکتر ئەوەیە کە تۆ لەو چوارچێوەیەدا ڕەگەز و مرۆڤ و ژمارەی پەراوێز بیت. ئیتر ئاگایانە بێت یان بێ ئاگا، دڵخواز بێت یان بەناچار، ئەستەمە بتوانیت کاریگەری لەسەر ئەو نرخە دابنێیت. کۆدامین بەسەرهاتی هەوڵی منە بۆ ناسینی ئەو دۆخە.

لەدوای شارەمێروولەکە (بەشی یەکەمی کۆدامین) و ئەزموونی پێشمەرگایەتییەک کە خەون و خولیای ساڵانێکی زۆرم بوو، دەکەومە «تراویلکەی ئانکارا»وە، واتە بەشی دووەمی ژیاننامەکە. لەڕاستیدا هۆکاری ئەو هەڵبژاردنە و چوونم بۆ تورکیە هیوا یا حەزم بۆ پەنابەری نەبوو، بەڵکوو بێهیواییم بوو لەو دۆخەی ساڵانێک خۆم پێوە ماندووکردبوو. بێهواییم لە سەرکردایەتی و دۆخێکی سیاسی کە پێکیان هێنابوو. ئەو دۆخەی زۆر زیاتر لەوەی هێز و کەسی لاوی ڕاکێشابا، پەراوێزی دەخست و پاڵی پێوە دەنا بۆ ناو تراویلکە گەورەکە، تراویلکەی ڕێگەکەی ئێژە. بەڵام جگە لەو لایەنەی ناوی «تراویلکە»، ئانکارا بۆخۆی تراویلکەیەکی گەورە و گۆڕستانێکی سیاسیی

کوردییشـــە! لەوانەیە تـــا پێش چوونم بـــۆ ئانکارا و ژیانم لەگـــەڵ کورد و چەپەکانی ئـــەوێ، نەمتوانیبا بەو ڕاشکاوییە ناوی «تراویلکە» لە پێکەوەژیانی کورد و تـــورک بنێم. ئەگـــەر پێکەوەژیان و هـــەوڵ بۆ بە دێموکراتیک کردنی تورکیە تراویلکە نەبا، چۆن دەبوو هەر لە شارۆچکەی سلۆپی و دەروازەی باکوورەوە تا دواخاڵەکانی سەرحەد، وەک شارەمێروولە جەندەرمە و هێزی پانتورک ڕژابێتن و بەربووبێتنە هەر ئاوەدانی و هێمایەکی کوردســـتانی؟ ئەمـــە ئەگەر تراویلکەی دێموکراسی و پێکەوەژیان نەبا... چی بوو؟

دوای ڕزگاربـــوون لـــە تراویلکەکـــەی ئانکارا و پەڕینـــەوە لە ئێژە و هەموو ئەو چیرۆکە خەمناکانەی ڕێـــگای پەنابەری کە بێ کۆتایـــی و قووڵن، دیمەنە ڕەنگینەکانـــی ناو جەرگـــەی ئورووپـــا دەردەکەون. ئـــەو دیمەنانـــەی بێ ئـــەوەی بتهەوێـــت قووڵاییی ناخـــت فێنک دەکەنەوە. ئەوی بتناســـێت و هەواڵی زانیبێتیت کە لەو ڕێیەدایت و ملی ســـەفەری هات و نەهاتـــت گرتووەتە بەر، ئۆخەیت بۆ دەکات. دایک لە خۆشیدا فرمێســـکت بۆ دەرێژێت و خەونی هاوتنەوە و باوەشـــێکی ترت پێوە دەبینێت، شانازییەکی سەیر بە خۆتەوە دەکەیت! ئەمە ســـەرەتای دیمەنە ڕەنگین و نەبینراوەکەی ناو جەرگەی ئورووپایە؛ ئەو شوێنەی ترســـی دیپۆرتکردنەوەی زۆر کەمترە و لێرە هەست بە بوون دەکەیتەوە. ئێرە ســـەرەتای هەستکردن بەو بۆنانەیە تا ئێستا نەتکردوون. بۆنی ئەو گوڵ و گیایەی بەرگەی تینی تیژ و ڕۆژی درێژی کوردستان ناگرن، ڕەنگی ئەو گژوگیایەی ســـەوزێکی کاڵن و وەک دار و دەوەنی شـــاخەکانی کوردســـتان بە بـــەر خۆرەوە کەسک و ڕەشـــیان تێکەڵ نەکردووە. لێرە، کە سەر لە پەنجەرەی شـــەمەندەفەر دێنیتە دەرەوە و خۆت بـــەر خۆر دەدەیت، هەســـت بە ســـووتاوی ناکەیت؛ هەســـت دەکەیت خۆری نیوەڕۆی ئێـــرە تەنیا تاوی زەردەپەڕی بەرەبەیانی کوردســـتانە. ئەم ناســـکی و شێنەییە بێهۆشکەرە!

لە ناوجەرگـــەی ئورووپاوە دێمـــە ناو جەرگەی ژیاننامەکـــە: «لە قاڵبـــدان و گۆشەنشـــینی». دوای گیرســـانەوە و ڕاهاتنی ســـێیەکان بە تەمومژ و بارانی زۆر، بۆنـــی گیای تـــەڕ و ئـــاوی زۆری ڕووبارەکان، خەونەکانیش دەشێ باڵا بکەن؛ دەشێ ئەم خەونانەش وەک ڕووبارەکانی ئێرە سەرڕێژ و وەک سنەوبەرەکانی بـــەرز بن! بەڵام لێـــرە، لە ئورووپای هەســـتکردنەوە بە ئـــازادی، خەمێکی تر بەرۆکـــم دەگرێت، خەمی لەدەســـتدانی بـــرای لاوم، هێمن. هێمـــن ماوەیەک بوو دەیویســـت بەو ڕێگەیەی مـــن پێیدا دەرباز بووم بگاتە ئورووپا و لای من، بەڵام بەداخەوە ڕێگەکان وا داخرابوون بە ئەســـتەم کەسی لێ دەربچێت. هێمن تاقەتـــی ئەو ڕێگەیەی نەبوو. گەڕایەوە و لەوپەڕی بێ دەرەتانی و بێ ئاسۆییدا گیانی لەدەست دا. بێگومان بۆ مرۆڤێک کارەساتی زۆری بەسەردا هاتووە و خۆی لە تراویلکەی زۆردا بینیوەتـــەوە، دەبێ قبووڵکردنی مەرگی ئازیزان ئاسانتر بێ، بەڵام ئەوەی بۆ ماوەیەکی زۆر تەمی ئەم خەمەی بەســـەر هەموو ژیانمدا کێشا، دەرنەچوونی تەواو لە تراویلکە و بێ ئاســـۆییەک و کەوتنە ناو تراویلکە و بێ ئاسۆییەکی تر بوو.

لە بەشی «جەستە، خەیاڵ، خود» کە وێستگەی کۆتاییـــی ئـــەو بەشـــەیە، هەوڵـــم داوە کاریگەریی خەمەکە و هەوڵەکانم بۆ دەرچوون لێی بنووســـمەوە. لێـــرەدا هەوڵـــم داوە جەســـتە تەنیا لـــە چوارچێوە هەبوونییەکەیدا بنووســـمەوە: ئەو ئاراستەیەی بوون کە ئێمـــە هیـــچ کاریگەرییەکمان لەســـەری نییە، لە ســـەر ڕەنگی قژ و پێســـت، باڵاو کێـــش، نەتەوە و شـــوێنی لـــە دایکبوونمان، کەچـــی زۆربەی کات نوێنەرایەتیی هەموو ئێمـــە دەکەن! بە ملوێن کەس هەن لـــە جیهاندا کە تەنیا بە هۆی ڕواڵەت و ڕەنگی پێســـت و شـــوێنی لە دایکبوونیانەوە زۆر باش یان زۆر خراپ دەژین! باش گەشـــەیان کردووە یان لەناو چوون! لە ســـەر پردی ســـەرەکیی ناوشاری بازڵ لە ســـویس، دیمەنی چەند کەس کێشراونەتەوە کە لە سەردەمی چاخی ناوەڕاستدا بە هۆی ناپەسەندبوونی دەموچـــاو و شـــێوازیانەوە کوژراون و لە ســـەر ئەو پـــردە فڕێدراونەتە خوارەوە! ئەو دیمەنانە کە بە بەرد کێشـــراونەتەوە، ئـــەو بـــەردە هەڵکەنراوانەی بەردەم ماڵی جووەکانی سەردەمی شـــەڕی جیهانیی دووەم لـــە ئاڵمان بە بیری مرۆڤ دێننەوە، کە تەنیا بە هۆی جوو بوونیانەوە براونەتە کوورەخانەکانی ئاشـــۆیتس و لەوێ ســـووتێنراون. ئەم بێبەشکردنی مرۆڤە لە ژیان

بەداخەوە تا ئێستەش درێژەی هەیە و تۆ دەتوانیت لە ژیانی پەنابەریدا بە زۆری و رۆژانە ببینیت: کاتێک بێ ئەوەی هۆکارێکی لۆژیکیت بۆ بهێننەوە لە یارییەکی وەرزشی بێبەشت دەکەن، یا ئەوەی لە ناو شەمەندەفەر و پاسدا بێ ئەوەی هیچت کردبێت مۆرەت لێ دەکەن! من لەم بەشەی ژیاننامەکەمدا هەولم داوە «خەیاڵ» بەدەر لەم جەستەیە و لە ناو ئەم بالاو پێستەیدا بفرێنم و بەدەر لەوەی لە ناو چ بالاو پێستێکدان، پەیوەندی لەگەڵ خەون و خەیاڵە هاوشێوەکانم بگرم. سەفەری سێ قۆڵیی «جەستە، خەیاڵ، خود» سەفەرێکی جادووییە، کەچی بە پێچەوانەوە من لەگەڵ دارستان دەکاتە هاورێ، تا لە گەڵ تاک و کۆرێکی مرۆیی! خەمناکە، کە سەرەرای خەیاڵ فرینت، خەیاڵی تر نادۆزیتەوە... . «خود» بەشە وشیارەکەی هەبوونە، کە هەم راستیی دەورووبەر دەناسێت و هەمیش لە کۆتاییدا بالانسی نێوان جەبری جەستە و ئایدیای خەیاڵ رادەگرێت. ئەو خودناسییە رێنوێنێکی سەرەکیم بووە لە بەستنی پەیوەندییەکان و لە کۆتاییشدا بە زاڵبوونی «لەقاڵبدان و گۆشەنشینییەک» کە زۆر پەنابەر لە رووی کۆمەڵایەتییەوە ئەزموویانە، پەیوەندییەکان یاخۆ پاراستن لە پەیوەندییەکانی بۆ رێکخستووم.

لە بەشی چوارەمدا بەرانبەر بە مردنی زگماکی (مردنی کۆرپەلە) مردنی مۆراڵم داناوە. بەلام بۆ مردن؟ لەوانەیە بەشێکی بە هۆی کاریگەریی تراژیکی مەرگی هێمنی برام لەسەرم بووبێت؛ بەلام بەشی تری بەهۆی بێوێنە بوونی مردنە و کاریگەریی لەسەر ژیان، لەراستیدا کۆتایی هاتنی ژیان. بەدەر لەوەی خودی مردنی کەسەکە لەلات گرنگ بێت یا نا، بە باشی بزانی یا خراپ (بۆنموونە مردنی دوژمن باشە و مردنی دۆست لەرووی دەروونییەوە خراپە) مردن، هەر وەک لەدایکبوونی کەسێک، لە ناو پرۆسەیەکی کاتی و هەستیاری ژیانتدا چەندهێندە کاریگەری دادەنێت! لەوانەیە ئەمە بەهۆی هەستیاربوونی زیاترت بێت کە لێرەوە زیاتریش لە جاران هەست بە هاوخەمی دەکەیت! هەرچی هەیە ئەم خەمەیش، وەک تراویلکە و خەمەکانی پێشووتر، نیچە وتەنی، نامکوژێت، بەهێزترم دەکات.

کۆدامین ژیاننامەیەکە بە تامی کۆدەکان؛ بۆ تێگەیشتن لە کۆدەکانیش دەبێت بیانناسین. لە شارەمێرووولەکەی سووچی تاقەکە لە ماڵێک لە مەریوان تا رێگە بە جەندەرمە چێندراوەکەی بۆتان بۆ سەرحەد لە باکووری نیشتمان، تا تراویلکە بوونی دێموکراسییە پەرلەمانییەکەی تورکیە بۆ کورد و بۆنی ئەو گژ و گیایەی لەگەڵ قووڵاییی هەناسەکانتدا بەتەواوی نایەنەوە! هەموو کۆدن کە دەبێت بە جۆرێک بگوازرێنەوە، دەنا بۆ هەتاهەتایە لە سەر دڵتدا دەمێننەوە. ئەم ژیاننامەیە هەوڵێکە بۆ گێرانەوەی ئەو گۆشە و تام و بۆنانەی لەوانەیە کەمتر گێردرابێتنەوە.

بەشی پێنجەم و کۆتاییی کۆدامین «نامۆبوون»ە. نامۆبوون واتە خۆنەدیتنەوە لەو شوێنەی لێی دەژیت، گەرچی بە جەستەش باش بیت و بە خەیاڵ بتوانی بەرز بفریت، هەر وەک پێشتر فریویت! بەلام خود ی بوون ونە. لەم بەشەدا هەولم داوە ئەم ونبوونە بنووسمەوە: خەیاڵەکانی ئێمە ئێستە زۆرجار دەرهەستن، بۆیەش زۆربەی گرووپ و هەوڵ و خەیاڵ و خەونەکانمان، بە ئینتێرنێت و تۆرە کۆمەڵایەتییەکانیەوە گرێ دراون. هەست دەکەم لەم بەشەدا ئاوێنەیەکی بالانوێنی ئەم دۆخەم نووسیوەتەوە. لەوێدا کە نموونەی چەند هەولم لە گەڵ کۆر و گرووپی کوردیی دێنمەوە کە (وەک تاکە رێگەی مومکین) بە رێگەی ئینتێرنێت یەکمان دۆزیوەتەوە و پەرەمان بە پەیوەندییەکەمان داوە، کەچی هەر بەو ساکارییەی یەکمان دۆزیوەتەوە، ئاواش بیرۆکەکە هەڵوەشاوەتەوە و یەکمان بزر کردووە! لێرەدا هەولم داوە هۆکاری ئەم بەشە نەک بە تەواوی بۆ دەرهەستبوونی ئینترنێت و تۆرە کۆمەڵایەتییەکانی بگێرمەوە، بەڵکوو نامۆبوونی ئێمە بەو دۆخە و بازدانمان بەسەر زۆر رووداوی کۆمەڵایەتیدا، کە دەبوو ئامادەمان بکەن بۆی! هەروەها کە زۆر پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و دڵداریش لە سەر ئینتێرنێت دەرهەست و کاڵن.

*. ناسنامە:
کۆدامین بە زمانی ئاڵمانی نووسراوە و مانگی جۆزەردانی ۲۰۲۴ لە ئوتریش بڵاوبووەتەوە.
ژمارەی لاپەرەکان: ۴۳۷، نووسینی: کاوە کەریمی